## له پەراوێزی بوونی بارزانی بەسەرۆکی هەرێمی کوردستاندا:

# رامانێك له پەرلەمان و هەڵبژاردنی سەرۆك...

**عبدالله مەحمود**

**abdulla.mahmud@gmail.com**

12 ی ئەم مانگە، لە نمایشێکی تایبەتدا پەرلەمانی کوردستان بەکۆی دەنگ مەسعود بارزانی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەڵبژارد. 14 مانگیش لەمەراسیمێکی تردا رەسمیەتی پێدرا.

ئێستا ئەگەر لەوە بگوزەرێین، کە ناوەرۆکی پەرلەمان و سیستەمی پەرلەمانی چ شێوازێك لە ئیدعای دیموکراسی بورژوایی وێنادەکات، وەئەگەر لەوەش بگوزەرێین کە پەرلەمان لەولاَتانی وەکو عیراق و ئیران و هاوشێوەکانی چ کاریکاتۆرێکی بێ پایەیە، و لەکاتۆنێك زیاتر هیچی تر نیە، بەڵام دیسان ئەم پەرلەمانە و بونی بارزانی بە سەرۆکی هەرێم جێگای تێرامانێکی تایبەتە.

لە دیرۆکی دورونزیکی دنیادا، بۆرژوازی بەهەموو شێوەیەك هەوڵئەدات وهەوڵی داوە سیمای پەرلەمان بەوێنەی نواندنی ئیرادەی خەڵك و دیموکراسی، وەکو مۆدیلێکی سەرکەوتوو نیشانی دنیا بدات، ناسیونالیزمی کوردیش بۆ هێنانەکایەی مۆدێلێکی سەرکەوتوتر لەدیموکراسی داهێنانی وا تازە ئەهێنێتەگۆر کە بەڕاستی گاڵتەئامیزە.

پێکهاتە یاسایەکانی وەکو دەنگدان، حکومەت، پەرلەمان، سەرۆك،......تاد، لە لایەن بزوتنەوەی ناسیونالستی کورد بەگشتی و یەکێتی و پارتی وەکو دوباڵی سەر بەوبزوتنەوەیە، لە چوارچێوەی ئەم داهینانە تازەیەدا ئەوەندە ریسواو بێئابڕوکراوە، ئەوسەرەکەی دیار نیە، ببینن، ئاخر لەدنیادا حکومەت و یەرلەمانی بێدەوڵەت بوونی بووە؟ وە پەرلەمانی تەمەن 13 ساڵەو مردو، وە بەکارنامەی دەستپیکردنی شەری ناوخۆوە بەئیتفاق زیندوکراوەتەوە؟ وە رەئیس و ئەندامانی بەم شێوە کاریکاتۆریە لەبارەگای ئەحزابدا وەکو نوێنەرانی خەڵك دانراون؟ پاشانیش سەرۆك ئاوا هەڵبژێردراوە؟

دیارە ویستگەکانی تێرامان لە هەڵوێست وسیاسەت و نەخشەو پلانەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و دژی مەدەنی بون و دژی یاسایان هێندە زۆرە من ئێستاو لیرەدا تەنها لەسەر وێستگەی پەرلەمان و هەڵبژاردنی بارزانیدا، وێستەیەك بە پێویست ئەزانم.

یەکێتی و پارتی لە چوارچێوەی سەرکەوتن بە پەیژەی دەسەلاَتدا، و بەمەبەستی شریك بوون لە دەسەلاَتی پێکهاتوی مەرکەزی دوای روخاندنی سەدام حسێن و بەمەبەستی درێژەدان بەدەسەلاَتی نزیك بە 15 ساڵەیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا، لەهاوپەیمانیەتیاندا لەگەڵ ئیسلاموشیعەی سیاسی و ناسیونالیزمی عەرەب لەعێراقدا، بڕیاری بەشداری لە پێکهێنانەوەی عیراقی قەومی ودینیان گرتە ئەستۆ، لەو چوارچێوەیەشدا، یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی کاتییان کە بنەماکەی قەومچێتی عەرەبی و ئیسلامی سیاسی یە، کردە مەبنای رێکەوتنی نێوانیان، پاشانیش سیناریۆی هەڵبژاردنیان هێنایەگۆرو بۆ بەرێوەبردنەکەیشی جگە لە فەزای داگیرکاری و بەردەوامی شەری تیرۆرستی و باوەشێنکردنی ئیحساساتی قەومی و مەزهەبی و تایفی، چ هەرەشەو چاوسورکردنەوەو چ پاروی دەمی خەڵکیان بە بارمتەگرت تا خەڵکی ناچار بکەن و پەنجەمۆری گاڵتەجاری هەڵبژاردنیان لێ وەربگرن و لەسەرئەو بنەمایەشەوە پەرلەمان و حکومەتێکی کۆنەپەرستی تر لەعێراق و ناوچەکە قوت بکەنەوە، رێك لەدڵی ئەم سیناریۆیەدا پارتی و یەکێتی لە بازنەی هەڵبژاردنی سەراسەری عێراقدا هەڵبژاردنی کوردستانیشیان بۆ زیندوکردنەوی پەرلەمان و رەسمیەتدانەوە پێ ی و درێژەدان بەدەسەلاَتداریێتی خۆیان رێکخست و لە ژێر

ناوی ئەوەش کە بەشداری کردن لەوهەڵبژاردنانەی عیراقدا، دەنگدانە بە کوردو چارەنوسی کوردستان، خەڵکی کوردستانیان ناچارکرد بەشداری ئەم هەڵبژاردنانە بکەن، هەڵبژاردنێك کە بەرلەوەی ئەنجام بدرێت یەکێتی و پارتی لە رێکەوتنێکی سەرکردایەتی هەردولادا لە پیرمام، هەم لەسەر رەئیسی پەرلەمان و جێگرەکانی، هەم لەسەر ژمارەی کورسی هەرلایەکیان و لەسەر پێکهێنانەوەی حکومەت و سەرۆك و جێگرەکانی رێك کەوتبون و خەڵکی کوردستان و دنیاش لێی ئاگاداربوون.

پارتی و یەکێتی و نوسەران و قەڵەمبەدەستانی کۆنەپەرست و مۆڵەتپێدراوی خۆشیان بێشەرمانە بەم شێوەیە لە پێکهێنانەوەی پەرلەمان دەڵێن هەڵبژاردنی رەسمی و پەرلەمانی یاسایی!!، بەئەندامانیشی ئەڵێن ئەمانە دەنگ و رەنگی میللەتن، نوێنەری خەڵکی کوردستانن!!.

هەڵبژاردنی بارزانیش لەلایەن پەرلەمان، لەکاتێکدا زۆر بەر لە پێکهێنانەوەی خەڵکی کوردستان و دنیا ئاگادارە کە یەکێتی و پارتی پێشتر لەسەر بەشکردنی پۆستەکان ،بەشێوەی ئەوەی کە تاڵەبانی وەکو سەرۆك کۆمارو بارزانیش وەکو سەروکی کوردستان بێت، ئاگادارە، کەچی دیسان هەڵبژاردنی بارزانی لەو پەرلەمانەدا بە هەڵبژاردنی لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە لەقەڵەم ئەدەن و شایی و لۆغانی بۆ سازئەدەن.

ئەمە ئیتر گەورەترین شێوازی بێئابروکردنی پێکهاتە یاسایی ودەستوریەکانی دنیا نەبێت چی یە؟ ئەمە گەورەترین تاوانکاری نەبێت بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان، و دەنگێك کە لێیان وەرگیرا چی یە؟

ئەگەر لەهەموو ئەوانەش بگوزەرێین، چاوپۆشی لە شێوەی پێکهێنانەوەی پەرلەمان و هەڵبژاردنی سەرۆك و دواتریش پێکهێنانەوەی حکومەت و تێکەڵ کردنەوەی ئیدارەکان لەگەڵ یەکتری بکەین، دیسان پرسیار ئەوەیە، حکومەت و پەرلەمانی بێدەوڵەت یانی چی؟ نمونەی لەم بابەتە هی کام پاکەتی هەڵنەپچراوی دیموکراسی دنیایە؟

هەموو ئینسانێکی هوشیار ئەو راستیە ئەزانێت، حکومەت و پەرلەمانی بێ دەوڵەت لەکاریکاتۆرێك زیاتر هیچی ترنی یە، ئاخر حکومەت وپەرلەمانێك دەوڵەتی نەبێت، رەسمیەتی نێودەولەتی نیە، پەرلەمان و حکومەتی سالی 1992 چونکە لەهیچ گۆشەیەکی دنیادا رەسمیەتی پێنەدراو حکومەت و پەرلەمانی سەرزەمینێکی بێناونیشانی نێودەوڵەتی بوو، حکومەت و پەرلەمانی بێ ناسنامەی وولاتی بوو، هەربەوهۆیەشەوە لەکارتۆنێك زیاتر هیچی تر نەبوو، مەسەلە ئەوە نەبوو پەرلەمان نیە، مەسەلە ئەوە نەبوو ئەندام پەرلەمان و سەرۆکەکەی بێلیاقەبوون، حکومەتیش فەشەلەکەی لەیەکەم رۆژەوە ئەوەنەبوو سەروك وەزیران و وەزیری نەبوو، بەڵکو ئەوە بوو کە پەرلەمان و حکومەت، پەرلەمان و حکومەتی ئیعتراف پێکراونەبوون، چونکە بێ ناسنامەی دەوڵەتی و وولاتی بوون، هەربەوهۆیەشەوە پەرلەمان و حکومەتی دوودەسەلاتی میلیشایی زیاتر هیچی تر نەبوون و لەگەڵ قوڵبونەوەی کێشەی نێوانیشیان، خودی پەرلەمان و چوارچێوەی حکومەت بونە مەیدانی هەڵایسانی شەری ساردو پاشان شەرێکی گەرمی وا کە قارەمانانی ناوهۆڵی پەرلەمان و حکومەت قارەمانی بەرەکانی جەنگی ناوخۆ بوون. حکومەت و پەرلەمانیش یان بەواتایەکی تر یەك ئیدارەیی بۆ خەڵکی کوردستان خوێن مژین و برسی کردن و بێمافی هەمەلایەنەبوو، لەکاتی شەریشدا بوو بە خوێن رشتن و ماڵوێرانکردن.

پەرلەمان و پێکهێنانەوەی حکومەت و تێکەڵکردنەوەی ئیدارەکان وهاوکات هەڵبژاردنی بارزانیش دوبارەکردنەوەی هەمان تەجروبەی پێشووە، بەڵام لەدڵی سیناریۆیەکی نوێ ی ودوای بەعس و لەدڵی پەلەپروزێ بۆ بەشی زیاتر لەدەسەلاتی مەرکەزی و قەڵەمرەوی زیاتر لەدەسەلاتدارێتی کوردستاندا.

بونی بارزانی بەسەروك کۆمار تەنها دەکرێت وەکو سەرکەوتنێکی پارتی بەسەر یەکێتیدا لەکوردستان بەحسابهێنرێت نەك هیچی تر. هاوکات بۆپارتی فرسەتێکە تا نمایشی نفوزی خۆی پێبکات و لەبەرامبەر نمایشی پێشوی یەکێتی کە بەبۆنەی بونی تاڵەبانی بە سەروك کۆمار! چەند مانگ لەمەوبەر وەرێیان خست، ئەگەر نا پێکهێنانەوەی حکومەت و پەرلەمان و بونی بارزانی بەسەروکی هەرێم نەهیچ لەوەزعیەتی پێشودەگۆرێت و نەبەمانای کرانەوەی دەرگای خێروبەرەکەتە بەروی خەڵکی کوردستان و ئایندەکەیدا، نەبەمانای دامەزراندنی پێکهاتە یاسایەکانە، نەبەمانای کۆتاییهێنانە بەدەسەلاتی بنیاتنراوی میلیشیایی، نەبەمانای بەرقەراربونی ماف و ئازادیە فەردی ومەدەنیەکان و باشبونی گوزەرانی خەڵکە بە

خیروبەرەکەتی ئەوان، نەبەمانای بەرگرتنە بەودزی وتالآنیەی 14 ساڵە ئەنجامی ئەدەن، نەبەمانای کۆتاییهێنانە بە هەڵواسراوی کێشەی خەڵکی کوردستانەوە.

بۆیەکیتی وپارتی ئەوەی گرنگە بەشداربونە لە دەسەلآتی مەرکەزی"وەکو ستراتیژی مێژوویان" و وەرگرتنی پۆستی باشترە لەبەرامبەر یەکتری لە بەغداو بەرینکردنەوەی نفوزو پانتایی قەڵەمرەوی دەسەلآتیانە لەبەرامبەر یەکتری لەکوردستاندا و لەوراستایەشدا نە رێگای متەمەدینانەی ململانێ، بەڵکو لەگەڵ تێکچونی هاوسەنگی بەرچاو لە مەقعیەتی هەرکامیاندا، شەر و دەست بردن بۆ چەك و چەمانەوە لەبەردەم هێزە دەرەکیەکاندا بۆ رێککردنەوەی هاوسەنگیان، ئەو دێوەزمەیە کە بەدرێژایی بونی ئەم دووحزبە وەکو مۆتەکە چۆکی لەسەر سنگی خەڵکی کوردستان داناوە.

رێکەوتنی ئەمجارەیان، هەرگیز لە رێکەوتنەکانی تریان سەرکەوتوترنابێت و بەڵێنەکانیش لەوانەی پێشوو گەورەترنین، ئەوەی کە بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرایە، ئەوەیە کە دوای هەر رێکەوتنێکیان بەیەکداداان وشەرێك ماوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی هەرناکۆکیەکیشدا بارزانی سەروکی نفوزی ناوچەکانی ژێردەسەلآتی خۆیەتی و تاڵەبانیش هەروا، ئەمە جگەی لەوەی هەر ئێستاش نفوزی یەکێتی و رێکخستنەکانی تاڵەبانی بەسەرۆك ئەزانن و مەرجەع بۆیان هەرئەوە نە بارزانی، بۆیە ئەم رێکەوتنە روکەشیە، ناتوانی درێژخایەن بێت، لانی کەم بەوهۆیەوە کەئەمانە دەسەلآتی میلیشیایی قەومگەرایی عەشیرەتی دژی دیموکراتی بەمانا باوەکەی"و ماهیەتی پێشکەوتنخوازیان نی یە . و دەنگی خەڵك لایان بایی پوشێك بایەخی نیە.

بۆیە بونی بارزانی بەسەروك و پێکهێنانەوەی پەرلەمان، و پاشانیش تێکەڵ کردنەوەی ئیدارەکانیان، هیچ پەیوەندیەکی بەباش بوونی ژیانی خەڵکی کوردستانەوە نیە، لەوەش واوەتر هیچ کام لەوپێکهاتانە هەڵگری بنەمای یاسای نین.

خەڵکی کوردستان نەك نابێ فریوی ئەم سیناریۆ پوچانە بخۆن، بەڵکو دەبێت کەمەری خەباتکارانەی خۆیان توند بکەنەوە، دەبێ لە ئاسۆوئامانجی ئەم حزبانەو بزوتنەوەکەیان بەتەواوەتی دابرێن و رێگای کۆتاییهێنان بەکێشەی واقعی خۆیان،(کێشەی دیاریکردنی ئایندەی سیاسی) کە تائێستا کێشەیەکی هەڵواسراوی نەبراوەیە بگرنەبەر، ئەم یەکلاکردنەوەیەش پێویستی بە بەرپاکردنی ریفراندۆمێکی ئازادانە و راستەوخۆی خەڵك هەیە بۆ بریاردان لەسەر ئەوەی دەیانەوێ لەگەڵ عێراق بمێنەوە یان جیاببنەوەو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان پێکبهێنن، بۆ نواندنی ئیرادە بۆ بریاردان لەسەر ئەم ئایندەیە. کۆنگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، رێکخراوی رێکخستنی خەڵکی کوردستانە. پێوەی پەیوەست بن و بەهێزی بکەن.

2005-6-16